کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-8-2007 1:19

**تەنها گیراوەی شاهۆ مابوو کوردستانپۆست پەلاماری بدات ... هاوڕێ عەبدوڵلا**

ماوەیەکە کوردستانپۆست هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی لە دژی گیراوەی شاهۆ بەرپا کردوە و بە چەند ناوێکی خوازراوەوە نوسەرانی ئەم سایتە کەوتوونەتە وێزەی ئەو بەرهەمە کوردییە کە دەبوایە لە جیاتی ئەمە کارئاسانی و زەمینەسازی بۆ بکرێت نەوەک بەم شێوەیە هێرش بکرێتە سەری.. چونکە بە ڕاستی ئەم بەرهەمە وەکوو هەر دەرمانێکی دیکە ڕەنگە خەڵکانێک سوودی لێ ببینن و خەڵکانێکی تریش نا، ئەویش بە پێی گۆڕانی تەمەن و تایبەتمەندی پێستی کەسەکە و کاردانەوەی بۆ ئەم دەرمانە و هەر جۆرە دەرمانێکی دیکە. بە تایبەتی کە ئەم جۆرە عیلاجانە کاتی زۆری پێویستە تا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بزانین سودی هەبووە یان نا؟

من خۆم دەرمانەکەم بە کار نەهێناوە بەڵام زۆر لە برادەرەکانم بە کاریان هێناوە و زۆربەیان سودیان بینیوە نەک هەموویان کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسم کردن. چونکە تەنانەت حەبی سەرئێشە کە سەرەتاییترین چارەسەرە هەموو خەڵکێک کاردانەوەی پۆزەتیڤی بۆی نییە و من خۆم یەکێکم لەوانەی کە لە تەمەنێکدا سەریەشەم بەو حەبە چاک نەدەبوو بەڵام ئێستا هەست دەکەم کاردانەوەی لەشم بۆ ئەو حەبە گۆڕاوە و لە جاران باشتر سوودی لێ دەبینم.

من ئەو بەڕێزانە ناناسم کە دەرمانی شاهۆ بەرهەمدێنن و دەیفرۆشن بەڵام لە خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردستانپۆست و وەڵامەکەی قەلەندەر بەرزنجی هەستدەکەم کە ئەوانەی بابەتیان دژی ئەم گیراوەیە نوسیوە مەبەستێکی دیاریکراویان هەیە و پێیان ناخۆشە کە بەرهەمێکی کوردی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت دوریش نییە هەر تەنها کەسێک بێت و بە چەند ناوێک بنوسێت. تەنانەت خودی کوردستانپۆستیش پێ دەچێت غەرەزێکی شەخسییان لە گەڵ ئەواندا هەبێت. لە بەرامبەریشدا لە وەڵامەکەی قەلەندەر بەرزنجیدا کۆمەڵێک بەڵگەو دۆکیومێنتی زانستی بەرچاو دەکەون کە ڕاستگۆیی بەرهەمەکە دەردەخات و نیشانی دەدات کە ئەوانە چەند ساڵێک خۆیان ماندوو کردووە و بەم داهێنانەیان خزمەتێکی گەورەیان بە خەڵکی کوردستان کردووە.

بۆیە من بە ئەرکی خۆمم زانی کە ئەم بابەتە بنوسم و بەرگری لەو بەرهەمە بکەم و پێم وایە ئەرکی حکومەتی هەرێم و هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانە کە کارئاسانی بۆ داهێنانی لەم شێوەیە بکەن لە هەموو بوارەکاندا و با ئێمە بە چاوێکی کەم تەماشای ئەو شتانە نەکەین کە لە سەردەستی خەڵکی خۆمانەوە دروستدەکرێت کە ڕەنگە بێبەش نەبێت لە کەموکوڕی بەڵام هەموو شتێک بە هاندانو ڕەخنەی بنیادنەر بەرەوپێش دەچێت. نەک بڵێین ڕاستو چەپی بە سەرابێنین و ناوی لێ بنێین چڵکاو لەبەرئەوەی چەند کەسێک سوودی لێ نەبینیوە، چونکە ئەی چی بەوانە دەڵێن کە سودیان لێ بینیوە؟

بەو برا بەڕێزانەی کۆمپانیای شاهۆش دەڵێم بە هیچ شێوەیەک سارد نەبنەوە لەو خزمەتە گەورەیەتان و دڵنییا بن کە خەڵک هەمووی دەزانێت کە کوردستانپۆست هیچ جۆرە ڕاستگۆییەکی نییە لە ناو خوێنەرانی کورد و ئەمانە کۆمەڵێک بەکرێگیراون و سویندیان خواردووەو بەڵێنیان بە دوژمنانی کورد داوە کە ئەوەی لە بەرژەوەندی کورد و خەڵکی کوردستاندا بێت ئەوان دژایەتی بکەن و لەناوی بەرن. هیچ دڵ لە دڵ مەدەن چونکە کوردستانپۆست دەمێکە ژمارەی خوێنەرانی بۆ ژمارەی پەنجەکانی دەست دابەزیوە.

سەرکەوتن بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە دڵسۆزی خزمەتی مرۆڤ بکەن.

هاوڕێ عەبدوڵلا.. نەرویج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.